# کوشتنی ئافرەتان بە بیانووی شەرەف



مەلا مەحمود محەمەد مەجید*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

بسم اللّه الرحمن الرحيم
الحمدلله رب العالمين، والصلاة والسلام علي أشرف المرسلين، محمد و علي آله وصحبه اجمعين

کوشتنی ئافرەتان بە بیانووی شەرەف یەکێك لە دیاردە ناشیرین و نامۆکانە کە لە کۆمەڵگەی کوردەواری و زۆرێك لە کۆمەڵگەکانی دیکەی وەك (سوریا، پاکستان، سعودیە، تورکیاو .. هتد) بوونی هەیە، لەمەش دزێوتر و نەگریستر، ئەنجامدەرانی ئەم تاوانەیە بەوەی کە وا قەناعەت بە خۆیان بێنن، گوایە ئەمە حوکمێکی شەریعەتی ئیسلامە، لەلایەکی ترەوە هەندێك ناشارەزا، یان داخ لەدڵ، ئایینی ئیسلامی پێ تاوانبارەکەن!

بەڕاستی ئەم دیاردەیە، و ئەم کارە چەپەڵە و ئەم تاوانە بێ رەحمانەیە، بە هیچ چەشنێك لەگەڵ ئایینی ئیسلام و ئایینی رەحمەت و لێبووردەیی یەك ناگرێتەوە.

بۆیە دەڵێین: با هەموو لایەك چاك بزانن، ئەم رەفتارو تاوانە، ناشەرعییە، زۆر شتی تریش کە بەرامبەر بە ئافرەت دەکرێن، هەمووی ئینحراف و لادانە لە سنوورەکانی شەریعەتی ئیسلامی چاك و پڕ لە سۆزو خۆشەویستی..

ئەوانەی دەیانەوێ ئەم شتانە بە ئایینی ئیسلامەوە بلکێنن، کارەکەیان جۆرێکە لە دوژمنایەتیی ئیسلام و موسڵمانان. بێگومان کوشتن بەناوی شەرەف و ناموس، بەم چەشنەی لە کۆمەڵگەی ئێمە و کۆمەڵگەکانی تر روودەدات، بە هەموو چەشنێك دژ بە ئایینی ئیسلام و حوکمە شەرعییەکانە، ئەمەش لە زۆر روانگەوە بۆ نموونە:

١-دەڵێین کوشتن تایبەتە بە ئافرەت و پیاو ناگرێتەوە، کەچی شەریعەتی ئیسلام لە پاداشت و سزا جیاوازی لە نێوان پیاو و ئافرەت نەکردووە، بەتایبەتی لە تاوانی زیناکردن، هەرچی بۆ ئافرەتان تاوان بێت، بۆ پیاوانیش تاوانە، ئەوەتا خودای گەورە و میهرەبان لە قورئانی پیرۆز فەرموویەتی: «الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ» سورة النور: الآية٢ سورە النور: الآيە٢ واتە ئافرەتانی زیناکەر و پیاوانی زیناکەر هەریەکە سەد جەلدەیان لێبدەن. کەچی کۆمەڵگەی ستەمکار تەنیا سزاو تووڕەییان بەسەر ئافرەتدا دەڕێژن. خودای گەورە جیاوازی نەکردووە و هیچ کاتێك حەسانەی بەپیاو نەداوە. بۆیە ئەوانەی سزا بەسەر ئافرەتدا دەسەپێنن و پیاو ئازاد دەکەن و بە دوای سوڵحی جاهیلی بۆی دەگەڕێن، ئەوا فتوای ناهەق و بوختان بە خوا و شەریعەتەکەی دەکەن.

٢- زۆربەی کوشتنەکان لە کۆمەڵگە بۆ ئەو کچانەیە کە شوویان نەکردووە، لە کاتێکدا قورئان و سوننەتی پێغەمبەر (د خ) زۆر بەئاشکرا جەخت لەوە دەکەنەوە، کە کچ وکوڕ لەسەر زیناکردن ناکوژرێن، بەڵکو تەنیا جەلدەیان لێ دەدرێ و لە شوێنی رووداو دوور دەخرێنەوە، تا خەڵك لەبیریان بکات. هەروەك لەم فەرموودەی پێغەمبەرمان (د خ) هاتووە: «خُذُوا عَنِّي خُذُوا عَنِّي قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلًا الْبِكْرُ بِالْبِكْرِ جَلْدُ مِائَةٍ وَنَفْيُ سَنَةٍ...» أخرجه: مسلم/ كتاب الحدود ح٣١٩٩ واتە: لێم وەربگرن خودا حوکمی زیناکارانی دیارکرد، کوڕ و کچ سەد جەلدەیان لێبدرێ و ساڵێك دوور

بخرێنەوە. بۆیە ئەم کوشتنە بەتاوانی (قتل العمد) دادەنرێ و ئەنجامدەری گوناهباری دونیا و قیامەتە.

٣-کوشتن بە بیانووی شەرەف زۆربەی لەسەر بناغەی نوکە تەلەفۆن و دیعایە و قسەی پڕوپووچە کە نە لە شەرع و نە لە یاسا حیسابیان بۆنەکراوە، بۆیە زۆربەی جار ئافرەتی بە ئابڕووی بێتاوان دەبنە قوربانیی شێتخانەی کۆمەڵگە!

بۆ چەسپاندن و سەلماندنی تاوانی زینا لە سەر کەسێك کۆمەڵێك مەرجی قورس هەیە کە زۆر زەحمەتە بە ئاسانی بێنەدی، بۆ نموونە:

أ-دەبێت تاوانبار بە ئازادیی خۆی بێت لە دادگای شەرعی چوار جار لە پێش قازی شەرعی دان بەوەدا بنێ کە زینای کردووەو تەفسیری زیناش بۆ قازی بکات کە چی کردووە، لەهەمانکات دەبێت تاوانبار عاقڵ بێت، هەرزەکارو منداڵ و شێت نەبێت و باڵغ و پێگەیشتوو بێت، سەرخۆش نەبێت، لەکاتی بڕیاردان لە دانپێدانانەکە پەشیمان نەبێتەوە.

ب- چوار موسڵمانی لەخواترس و خاوەن عەدالەت، پیاو بن، باڵغ و عاقڵ بن، ناحەزی و ناخۆشی و کێشەیان لەگەڵ تاوانبار نەبێت، هەرچواریان لەبەردەم قازی شەرعی شاهێدی بدەن کە بە چاوی خۆیان بینیویانە فلان لەگەڵ فلان زینای کردووە، کە خەنجەر لەناو کالان بووە، جا تاوانەکە دەسەپێت، بەڵام تەنیا بە یەکەوە بینران، یان ماچکردن، هەتا ئەگەر بە رووتی بینران، حوکمی زینا بە سەریاندا ناسەپێت. ئەوانەو زۆر شتی تریش کە لە کتێبە شەرعییەکان باس کراون.

ئەمەی دەیڵێین ئایەتی قورئانی پیرۆزە قال الله تعالى: «وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا وَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ» سورة النور: الآية(٤) واتە: ئەوانەی تۆمەتی زینا دەدەنە پاڵ ئافرەتانی داوێنپاك، با چوار شاهێد بێنن بۆ سەلماندنی تاوانەکە، ئەگەر وایان نەکرد، ئەوا هەشتا جەلدەیان لێبدەن لە سەر بوختانەکەیان و جارێکی تر شاهێدی لەم کەسانە وەرنەگرن، چونکە ئەوانە لە سنووری خودا دەرچوون و فاسقن.

٥- هیچ تاوانێك تا سەد لە سەد بە سەر کەسێکدا ساغ نەبێتەوە، ئەوا سزای بە سەردا ناسەپێندرێ، ئەم کارەش تەنها لە دادگا دەکرێ و دادوەری شەرعی دوای خوێندنەوەو بەدواداچونی هەموو بەڵگەکان، ئەوجا بڕیار دەردەکات، لەوانەیە هەندێ جاریش دادوەر نەگاتە قەناعەت و بڕیاری سزا نەدات، یان سزایەکی سووکتریان بدات، چونکە بڕیاردان لەسەر خوێن و شەرەف و کەرامەتی خەڵك هەندە شتێکی ئاسان نییە، بۆیە پێغەمبەری خودا (د خ) فەرموویەتی:«ادْرَءُوا الْحُدُودَ عَنِ الْمُسْلِمِينَ مَا اسْتَطَعْتُمْ فَإِنْ كَانَ لَهُ مَخْرَجٌ فَخَلُّوا سَبِيلَهُ فَإِنَّ الْإِمَامَ أَنْ يُخْطِئَ فِي الْعَفْوِ خَيْرٌ مِنْ أَنْ يُخْطِئَ فِي الْعُقُوبَةِ» أخرجه الترمذي في سنته ح١٣٤٤ واتا دادوەران تا دەتوانن سزا لە موسڵمانان دوور بکەنەوە، هەر ڕێگایەك هەبێت بۆ ڕزگارکردنیان ئازادیان بکەن. بەڕاستی سەرۆك و دادوەر لە لێبووردن و بەخشین هەڵە بکەن، زۆر لەوە باشترە لە سزادان هەڵە بکەن.

٦- لە هەموو کتێبە شەرعییەکان ئەگەر تاوانی زینا لە دادگا سەد لەسەد بە سەر کەسێکدا سەپاندرا، ئەوا بەبێ ڕەزامەندیی خەلیفە، یان سەرۆك کۆمار، یان سەرۆك وەزیران جێبەجێ ناکرێت، بۆیە دادگا تەنیا کاری سەلماندن و بڕیارە، بەڵام جێبەجێکار سەرۆکی وڵات، یان جێگرەکەیەتی.

٧- هەر کەسێك بە بیانووی شەرەف کەسێك بکوژێت، با بزانێت جگە لەتاوانی کوشتن، چەندەها تاوانی ئەنجام داوە، وەك:

أ- دەستدرێژی کردنە سەر دەسەڵاتی حکومەت، کە خۆی بە ڕاستەر و حاکمتر دادەنێت و بڕیار دەردەکات و جێبەجێشی دەکات، ئەمەش بەردی بناغەی ئاژاوە و ئاشووب و فەوزا نانەوەیە.

ب- دەستدرێژییە لەسەر سەروەریی یاسا و دەستووری وڵات، چونکە هیچ سزایەك بەبێ دادگایەکی عادیلانە ڕەوا نییە.

ج- سەرپێچی تەواو و دژایەتی تەواوی دەقەکانی قورئان و فەرموودەیە، چونکە بە بێ شارەزایی لە شەریعەتی خودا، خۆی کردۆتە موفتی و حاکم و جەللاد، ئەوەش لە موسڵمانی ڕاست ناوەشێتەوە.

لە کۆتاییدا دەڵێین: کوشتن بە بیانووی شەرەف و چەوساندنەوەی ئافرەت بە هەر بیانوویەك حەرامە، بەمجۆرە کارانە شەرەف و ئابروو زیاتر وێران دەبێت، ئەم تەرازووەی کۆمەڵگە تەرازوویەکی نەفامانەیە، کوشتنی ئافرەت و بەرەڵاکردنی پیاو گەورەترین تاوانەو ڕەمزی جەهالەتی پێش ئیسلامە. پاراستنی شەرەف بە کوشتن نابێت، بەڵکو بە پەروەردەی دروست و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی ئایینی و تەبایی و خۆشەویستیی تاکەکانی ناو خێزان و مامەڵەی دروستی دایك و باوك لەگەڵ کوڕ و کچەکانیان دەبێت. کۆمەڵگە دەبێت هەوڵ بدات عەیبی یەکتر داپۆشن، نەك ئابڕووی یەکتر ببەن و دیعایە و بوختان بۆ یەکتر هەڵبەستن. ئافرەتانی بەڕێزیش دەبێت خۆیان بپارێزن بۆ ئەوەی مرۆڤە گورگەکان و دڕندە بەناو ئینسانەکان هەڵیانەخەڵەتێنن و گاڵتەجاڕی بە ئابروو و کەرامەت و ژیانیان نەکرێت.

---

***وتارخوێنی مزگەوتی کۆمەڵگای گەڵاڵە-سۆران**

# تاوانەکانی کوشتن لە پەرەسەندندایە

## لە ماوەی شەش مانگدا زیاتر لە ٣٠٠ ڕووداوی کوشتن و خۆکوشتن تۆمارکراون



گوڵان: کۆمەڵایەتی

**بە پێی ئامارێکی دەستەی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان، تەنیا لە ماوەی شەش مانگدا زیاتر لە ٣٠٠ رووداوی کوشتن و خۆکوشتن و تەقەکردن لە هەرێم تۆمارکراون، مامۆستایەکی زانکۆش جەخت لەوە دەکاتەوە کە لاوازیی گوتاریی پەروەردەیی خێزان و نەبوونی هۆشیارییەکی پێویست و دۆخی دژواری ئابووری و نەبوونی پلانی نیشتەجێبوون و دواکەوتنی مووچەو ململانێی نێوخۆیی پارتەکان و چاوسووورکردنەوە لەیەکتری باوەڕی پێکەوەژیانی لاواز کردووە.**

سەرەتا ماجید خەلیل مامۆستای زانکۆ وسەرۆکی بەشی مێژوو لە کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، ئاماژە بەوە دەکات کە «تاوانەکانی کوشتن لەشێوەی تەقەکردن لەسەر شەقامەکان و دۆزینەوەی تەرمەکان لەشوێنە پێچ و پەناکان و تاوانی کوشتنی هاوسەرو زارۆ و خۆکوشتن، بووەتە هەواڵگەلێك کە بەردەوام هەواڵە بەپەلەکانی نێو میدیای کوردی رۆژانە نومایانیان دەکەن. ئەم پرسە لەساڵانی رابردوودا لە ئاستێکی لەم شێوەیەدا نەبووە، نیگەرانیی پرسێکی لەم جۆرە لە ئاستێکدایە کە ترس لە بەدیاردەبوونیدا دەخوێندرێتەوە.» گوتیشی: «بە باوەڕی ئێمە زەمینەی ئەم نەزمی کوشتنەو کێرڤی باڵای ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێك کە پێویستە لەپێشچاو بگیرێن:

یەکەم: لاوازیی گوتاریی پەروەردەیی خێزان و نەبوونی هۆشیارییەکی پێویست کە ئەرزش بداتە گیانی مرۆڤ لەپێشەوەی هۆکارەکاندایە، نەوەی پاش راپەڕین نەوەیەکی پەرت و بڵاوی ئایدیۆلۆژییەو رێچکەیەکی پەروەردەیی بۆ تەبایی خێزان و ئەرزشی مرۆڤ و مافەکانی ئامادەیی نییە، میتۆدێکی تەندروست بۆ گۆشکردنی ئەم نەوەیە رۆڵی نەبووەو هۆشیاری لەبارەی ئاکامەکانی کوشتن و سزاو لێپێچینەوە لاوازە.

دووەم: میدیای کوردی و هەژمورونی میدیای زەردی دەرەکی لە ئاستێکی ترسناکدایە، ئەدەبیات و کەلتوورە جیاوازەکان، وێنای کوشتن و بڕین و خیانەت بەتەواوی گوێی لاوانی کوردی ئاخنیوەو لەبەردەم پرسی کوشتن و تاواندا چاونەترسی کردوون.

سێیهەم: پرۆژەی وڵاتانی هەرێمی بەردەوام پرۆژەی لاوازکردنی گیانی پێکەوەیی و نەمانی تەناهی کوردستان بووەو لەم نێوەندەدا کارکردنێکی شاراوەو مەنگ لە گۆڕێدایە.

چوارەم: ناکارایی یاساو دادگاکان و بوونی چەندین تاوانبار کە لە دەرەوەی زینداندا بێباکن لە هەر لێپێچینەوەیەك، ئەوانی سروشتی تاوانیان هەیە، زیاتر دەستکراوەی کردوون.

پێنجەم: بوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەك دیاردەیەکی نوێ و ئامێرەکانی پەیوەندی دیسانەوە مەچەکێکی بەهێزی تاوان و دۆسیەکانی نێو دادگانە و لەم نێوەندەشدا هۆشیاری لەسەر بەکارهێنانیان ئێجگار لاوازە.

لەتیف حوسێن توێژەری کۆمەڵایەتییە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «درێژەکێشانی قەیرانی سیاسی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان و خەریکبوونی لایەنە سیاسییەکان بە ململانێ و ناکۆکییەکانیانەوە، هەروەها ئاوڕنەدانەوەیان لە گرفتە سەرەتایی و سەرەکییەکانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، وایکردووە قەیرانی کۆمەڵایەتی و هەڵکشانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەماوەکانی رابردوودا روو لە زیاد بوون بکەن و بەجۆرێکە بەداخەوە رۆژانە خەڵك دەبێتە قوربانیی کێشە کۆمەڵایەتییەکان کە سەرجەمی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانەش بەهۆی بوونی قەیرانی سیاسی و ئابووری سەریانهەڵداوە .» گوتیشی: «ئامارەکانی دەستەی مافی

**لە کۆمەڵگەی ئێمەشدا دیاردەی کوشتن هەیە و ئەو تاوانە گەورەیە پەیڕەو کراوە، جا چ قوربانییەکان پیاو بن، یان ئافرەت بن، تەنانەت هەندێ جار منداڵیش دەستی لێ نەپارێزراوە و گیانی لێ سەندراوە**

**ڕۆژانە لێرە و لەوێ گوێبیستی کێشە دەبین و زۆربەی جارەکان کێشەی قووڵتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت و دەبێتە هۆی خوێنڕشتن و دواتریش دوژمنداری و خوێنداری کە بنبڕکردنی ئەستەمە**

**ڕاگەیاندنەکان سەرقاڵی پرسی سیاسیی وڵاتن و پرسە کۆمەڵایەتییەکانیان زیاتر وەلاوە ناوە، ئەو پرسانەش کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە بۆ گۆڕینی کیانی سیاسی وایکردووە پرسەکانی تاک پشتگوێ بخرێن**

**زۆرجار هەواڵی ئەوەمان پێدراوە کە ئافرەتێک لە ژێر هەڕەشەی کوشتندایە لە ڕێگەی مەفرەزەی تایبەتەوە ئافرەتەکە لە چنگی کەسوکاری ڕزگارکراوە و لە یەکێک لە ماڵەکانی ژنپارێزی گیانی پارێزراوە تاوەکو کێشەکەی چارەسەر کراوە**

مرۆڤ و دامودەزگاکانی دیکە کە تایبەتن بە تاوانەکانی کوشتن و خۆکوشتن و هەموو ئەوانەی دی، ئاماژەی مەترسیداریان تێدایە، بۆیە دەبێت لە ئێستادا هەموو بەدوای چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخەدا بگەڕێین، تا چیتر ئاسایشی کۆمەڵایەتیمان نەکەوێتە بەردەم مەترسیی زیاترەوە.»

ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «خراپیی ژیانی کۆمەڵایەتی و کەمبوونەوەی متمانەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان و دوورکەوتنەوە لەیەکتری، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ نەمانی زمانی دیالۆگ و پەیوەندیکردنمان بە یەکتری و نەهێشتن و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانمان، هۆکاری نەبوونی متمانەی خەڵکی بەیاسا، ئەمەش هۆکارێکی ترە لەهۆکارەکانی پشت تاوانەکانی کوشتن بەجۆرێك ڕۆحی تۆڵەکردنەوەی خودی و پشتکردنە یاساو حکومەت خەریکە پەرە دەسێنێت.»

هاوڕاز شێخ ئەحمەد خۆشناو، ڕاوێژکاری ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بۆکاروباری خوشکان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «لە ڕوانگەی شەرعەوە کوشتنی بە ئەنقەست یەکێکە لەو خەتا و تاوانە گەورانەی کە خودای گەورە بکەرانی ئەم تاوانە، بە جەهەننەم سزا دەدات بۆ هەتا هەتایی، بکوژ بەر توورەیی و خەشمی خودا دەکەوێت و لە ڕەحمی خودا دەردەچێت و بەر لەعنەت و نەفرەتی خودا دەکەوێت، عەزابێکی گەورەی بۆ ئامادە دەکرێت، ئەمەش بەپێی فەرمایشتی ڕەبولعالەمینە کە فەرموویەتی(وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا). واتە: هەر کەسێك بەدەستی ئەنقەست ئیماندارێك بکوژێت (بەحەڵاڵی بزانێت)، ئەوە تۆڵەی ئەو کەسە دۆزەخە، نەمرە تیایدا، هەروەها خوا لێی تووڕە بووە و نەفرینی لێکردووە و سزایەکی گەورە و بێ سنووری بۆ ئامادە کردووە.» گوتیشی: «ئایینی پیرۆزی ئیسلام کە دینی ژیان و ئاشتی و سەلامەتی و مەحەبەت و تەقوا و دادپەروەرییە، تاوان و خەتای کوشتن لە دوای تاوانی شرك دانانە بۆ خودای گەورە، شەریعەتی پاك و پیرۆزی ئیسلام توندە بۆ ئاراستەکردنی ڕەوشت و ئاکاری ئینسانی، مرۆڤ لە مەقامێکی بەرزدایە لە دینی خودا، ڕەبولعالەمین دەفەرموێت: (مَن قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا)، واتە ئەوەی کەسێك بەناحەق بکوژێت و لە جیاتی کوژراوێك نەبێت، یان گوناە و تاوانی گەورەی ئەنجام نەدابێت لەزەویدا (وەکو جەردەیی و دەستدرێژی و.. هتد)، ئەوە وەك ئەوە وایە هەر هەموو خەڵکی کوشتبێت، ئەوەش کەسێك لە مەرگ ڕزگار بکات، هەروەك ئەوە وایە هەموو خەڵکی لەمەرگ ڕزگار کردبێت و ژیانی پێ بەخشی بن، هەروەها سەروەرمان لە فەرمایشتێکی سەحیحدا دەفەرموێت: هەرکەسێ بەئەنقەست کەسێ بکوژێ، بۆنی بەهەشت ناکات، کە بۆنی بەهەشت هێندەی ڕێگای حەفتا ساڵان دەڕوات. ئەم فەرمایشتە سەحیحە و بوخاری ڕیوایەتی کردووە.»

هاوڕاز شێخ ئەحمەد خۆشناو بەشێك لەهۆکاری کوشتن و بەربڵاوبوونی لەم چەند ساڵەدا بەرجەستە دەکات:

«دوورکەوتنەوەی مرۆڤەکان لە حەقیقەتی دینی خودا، نەبوونی هەیبەتی یاسا و کارپێنەکردنی کە لە ئاستی پێویستدا نییە، هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، کە ڕۆڵی نەرێنییان بووە لەناو کۆمەڵگەو کۆمەڵگەیان شێواندووە، واتە ئەوەندەی هۆکاری پەرەپێدانی ئەم دیاردەیە بوون، هێندە هۆکاری دوورخستنەوەی خەڵك نەبوون لە حاڵەتی کوشتن، هەروەها هۆکارەکانی تەکنەلۆژیا، کە لەبەردواداچوونەکان دەردەکەوتووە، زۆرێك لە حاڵەتەکانی کێشەی کۆمەڵایەتی و کوشتنی کەسەکان دەچێتەئەم خانەیە، کە نەتوانراوە وەکو پێویست کەڵك لەو هۆکارە سەردەمییە وەربگیرێت و کەسەکان بەرامبەری هۆشیار بن.»

ڕائیدی پۆلیس هۆگر عەزیز، وەك گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەڵێت: «ئێمە وەك هەمیشە ئامارەکان لە کۆتایی ساڵ ڕادەگەیەنین، ئامانجیش لەوە بەراوردکردنی ڕێژەکانە لە ماوەی یەك ساڵ لەگەڵ ساڵی ڕابردوو، وێڕای گەڕان بەدوای هۆکار و فاکتەرەکانی تاوانەکان، لە کاتێکدا ئێمە لایەنی جێبەجێکارین و ئەو کێشانەی ڕوودەدەن، دوور لە دەستی پۆلیس ڕوودەدەن، زۆرجار هەواڵی ئەوەمان پێدراوە کە ئافرەتێك لە ژێر هەڕەشەی کوشتندایە لە ڕێگەی مەفرەزەی تایبەتەوە ئافرەتەکە لە چنگی کەسوکاری ڕزگارکراوە و لە یەکێك لە ماڵەکانی ژنپارێزی گیانی پارێزراوە تاوەکو کێشەکەی چارەسەر کراوە.»

لەوەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا کێشە هەنووکەییەکانی پشت کوشتن چین؟ ئەو گوتەبێژەی پۆلیس گوتی: «زۆربەی زۆری تاوانەکان لەشاری هەولێر و دەوروبەری هۆکارەکەی کێشەی کۆمەڵایەتییە، بەداخەوە ئەو کێشانەش ڕوو لە زیادبوونە، پاڵنەری سەرەکیش تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە کە بە شێوەیەکی نادروست بەکاردەهێنرێت و ئامرازێکە بۆ بەستنی پەیوەندی سۆزداری و تەنانەت پەیوەندیی ناشەرعیش، چونکە پەیوەندیی نێوان تاکەکان لە ئێستادا زۆر ئاسان بووە، تەنانەت لە ڕابردوودا هەموو کەس مۆبایلی نەبوو، سیم کارت بە ئاسانی دەست نەدەکەوت، کەچی ئێستا سیم کارت بە ئاسانی و بە نرخێکی زۆر هەرزان دەست دەکەوێت، جگە لەوەش پەیوەندیی ئینتەرنێتی کارئاسانی زۆری بۆ تاکەکان کردووە و تاك دەتوانێ لەگەڵ هەموو دنیا لە پەیوەندیدا بێت.» گوتیشی: «کوشتن لە هەردوو ڕەگەز زۆرە و کۆمەڵگە و عورف و عادات و خەمساردیی پەروەردەکاران پاڵنەری زۆربوونی تاوانەکانی کوشتنن.»

چالاکی کۆمەڵی مەدەنی سنوبەر سابیر، سەبارەت بەو پرسە سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کوشتن وەك دیاردەیەك هەمیشە ڕووی داوە، هۆکارەکانی کوشتنیش زۆرن و لەگەڵ قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی کوشتن و دەرئەنجامەکانی گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، ڕەنگە کۆنترین وێنەی کوشتن بەسەرهاتی قابیل و هابیل بێ، کە وەك تاوانێکی خوێناوی دێتەوە بەردیدمان، کوشتن لە کۆنەوە لە ژێر چەندین پاساو و چوارچێوە، چ لەسەر ئاستی تاك، یان کۆمەڵ ئەنجامدراوە، هۆکارەکانیش زۆرن دیارترینیان کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ئایینی



بووە، کە چەندین لاپەڕەی خوێناوی لەسەرتاسەری جیهان تۆمارکردووە، لە کۆمەڵگەی ئێمەشدا ئەم دیاردەی کوشتن هەیە و پەیڕەو کراوە، جا چ قوربانییەکان پیاو بن، یان ئافرەت بن، تەنانەت هەندێ جار منداڵیش دەستی لێ نەپارێزراوە و گیانی لێ سەندراوە.»

گوتیشی: «بەداخەوە ڕۆژانە لێرە و لەوێ گوێبیستی کێشە دەبین و زۆربەی جارەکان کێشەی قووڵتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت و دەبێتە هۆی خوێنڕشتن و دواتریش دوژمنداری و خوێنداری کە بنبڕکردنی ئەستەمە.» سەبارەت بە چارەسەریش گوتی: «ئەگەر ئەم دیاردەیە بنبڕیش نەکرێ، دەتوانرێ کەم بکرێتەوە، ئەویش لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و یاسایی و مرۆیی».

لەلای خۆیەوە تاڤگە عومەر بەڕێوەبەری گشتی کاروباری کۆمەڵایەتی لە دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ، بەمجۆرە راو سەرنجی خۆی لە بارەی پەرەسەندنی تاوانی کوشتن دەربڕی: «بەپێی یاسای ژمارە ٤ ساڵی ٢٠١٠ دەستەی سەربەخۆیی مافەکانی مرۆڤ، ئەرکی پاراستنی مافەکانی مرۆڤی لە ئەستۆدایە، ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ئێستادا دەبینین بەداخەوە ڕێژەی تاوان لە هەڵکشاندایە، دیارە کۆمەڵێ هۆکاری هەیە سەرەکیترینیان لە ئێستادا کوردستان بە دۆخێکی ناسەقامگیردا دەڕوات، لە ڕووی سیاسییەوە کاریگەری خراپی لەسەر دەروونی تاك دروستکردووە، ئەوەش وایکردووە پەنا بۆ کوشتن ببەن، بەپێی ئەو ڕێژەیەی لای ئێمە تۆمارکراون، بەداخەوە ڕێژەی تاوان لە زیادبووندایە کە حاڵەتێکی مەترسیدارە، بەتایبەتی تاوانەکانی کوشتن و خۆکوشتن و سووتان و خۆسووتاندن و دزی و تاوانەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ، ئەگەر ئاماژە بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوانەکان لە هەرێمی کوردستان بکەین، یەکەم هۆکار ناسەقامگیریی سیاسی و سەربازییە کە لە رابردوودا لە کوردستان هەبوو، لە پاڵ ئەوەشدا بارودۆخی ئابووری و ئەو قەیرانە داراییەی کە لە هەرێم هاتەئاراوە، بووە هۆی کەمبوونەوەی داهاتی خێزان، ئەوەش فاکتەرێکی دیکەی زۆربوونی تاوانە (بەشێوە جۆراوجۆرەکانی، هۆکاری سێیەم، ڕاگەیاندنە کە ڕاگەیاندنەکان سەرقاڵی پرسی سیاسیی وڵاتن و پرسە کۆمەڵایەتییەکانیان زیاتر وەلاوە ناوە، ئەو پرسانەش کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە بۆ گۆڕینی کیانی سیاسی وایکردووە پرسەکانی تاك پشتگوێ بخرێن، پێویستە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هاوکات لەگەڵ ورووژاندنی پرسە سیاسییەکان و ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی پێویستن لە کوردستان ئەنجام بدرێن، برەو بە پرسە کۆمەڵایەتییەکانیش بدەن، چونکە زۆربوونی تاوان و تێکچوونی شیرازەی خێزان و کۆمەڵگە زەنگێکی مەترسیدارە بۆ سەر ئێستا و ئایندەی هەرێمی کوردستان. ئەرکەکانی دەستە وەکو ئەرکی چاودێریکردن و هۆشیارکردنەوە و لە هەمان کاتدا پاراستنی مافەکانی مرۆڤ ئەوەیە بە بڵاوکردنەوەی ئامار و زانیارییەکانی فشار بخاتە سەر حکومەت و پێویستە ڕای گشتی و ڕاگەیاندن و لایەنە پەیوەندیدارەکانی لێ ئاگادار بکرێتەوە، هەروەها یاسا باشتر سەروەر بێت، دادگاکان و دادوەرەکان باشتر ڕۆڵی خۆیان ببینن، لەم ڕووەوە دەستە هەوڵیداوە فشاری زیاتر لەسەر لایەنی پەیوەندیدار دروست بکات، بەتایبەتی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆیان بە باشی ببینن، هەرچەندە کەمتەرخەمی نەبووە، بەڵام لێرە و لەوێ تاوان ئەنجام دەدرێ و هەندێك جار دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆریش تاوانبار دەستگیر ناکرێت. خاڵی دووەم ئەوەی کە تێبینی کراوە لەلایەن تیمەکانی چاودێریکردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ و تیمەکانی دەستە، بەداخەوە تاوانەکان بە چەکی مۆڵەت پێدراوە ئەنجام دراون، هەوڵەکانمان لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم و لایەنەکانی دیکەش بۆ ئەوە بووە مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی چەك نەمێنێ و چەك تەنیا لای کارمەندان بێت و تەنیاش لەکاتی دەوامی فەرمی لایان بێت، چونکە زۆربەی تاوانەکان دوای دەوامی فەرمی کارمەندانی چەکدار لەماڵەوە بەو چەکانە تاوانی جۆراوجۆر ئەنجام دراون. لەماوەی رابردوودا بەهاوکاری نووسینگەکانی مافی مرۆڤ لە سەرتاسەری کوردستان هەڵمەتێکمان ئەنجامدا بۆ نەهێشتن و داخستنی بازاڕەکانی فرۆشتنی چەك و فشار خستنە سەرحکومەت بۆ بەکارهێنانی چەك بەوەی کە تەنیا لەکاتی دەوامی فەرمی بێت، حاڵەتی بوونی چەکی بێ مۆڵەت قەدەغە بکرێت و بەکارهێنەرانی بە یاسا سزا بدرێن. بەپێی ئەو ئیمکانیاتە کەمەی کە هەمانە هەستاوین بە هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە لە مەترسییەکانی تاوان و ئەنجامدانی لەناو کۆمەڵگەدا، گرنگترین ئەرك بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکانمانە کە بە ڕاپۆرتی پێشێلکاری ناوی دەبەین و دەنێردرێن بۆ دەسەڵاتەکانی هەرێم و ڕای گشتی و سەرۆکایەتی داواکاری گشتی و ڕاگەیاندنەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان، ئەوەش بە ئاگاهێنانەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکانە بۆ ئەوەی کار لەسەر ڕاپۆرتەکانمان بکەن، بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژەی تاوانەکان لە هەرێمی کوردستان. هەروەها بەپێی ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ داواکاری گشتی لە دەزگای هەرێمی کوردستان هەمانە، بە وەرگرتنی سکاڵای هاووڵاتیان کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەگاتە دەستمان، ئەوانەی عونسری جەزائی تێدابێت، ئاراستەی داواکاری گشتی دەکەین، ئەویش بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتەکانی دەستە و ناوەڕۆکی بابەتەکە هەوڵ دەدات داوا لەسەر سەندنەوەی مافی گشتی تۆمار بکات .

**هۆکاری نەبوونی متمانەی خەڵکی بەیاسا، ئەمەش هۆکارێکی ترە لەهۆکارەکانی پشت تاوانەکانی کوشتن بەجۆرێک ڕۆحی تۆڵەکردنەوەی خودی و پشتکردنە یاساو حکومەت خەریکە پەرە دەسێنێت**

**بوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک دیاردەیەکی نوێ و ئامێرەکانی پەیوەندی دیسانەوە مەچەکێکی بەهێزی تاوان و دۆسیەکانی نێو دادگانە و لەم نێوەندەشدا هۆشیاری لەسەر بەکارهێنانیان ئێجگار لاوازە**

**بە پێی ئامارێکی دەستەی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان، تەنیا لە ماوەی شەش مانگدا زیاتر لە ٣٠٠ رووداوی کوشتن و خۆکوشتن و تەقەکردن لە هەرێم تۆمارکراون، مامۆستایەکی زانکۆش جەخت لەوە دەکاتەوە کە لاوازیی گوتاریی پەروەردەیی خێزان و نەبوونی هۆشیارییەکی پێویست و دۆخی دژواری ئابووری و نەبوونی پلانی نیشتەجێبوون و دواکەوتنی مووچەو ململانێی نێوخۆیی پارتەکان و چاوسوورکردنەوە لەیەکتری باوەڕی پێکەوەژیانی لاواز کردووە.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

سەرەتا ماجید خەلیل مامۆستای زانکۆ وسەرۆکی بەشی مێژوو لە کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، ئاماژە بەوە دەکات کە «تاوانەکانی کوشتن لەشێوەی تەقەکردن لەسەر شەقامەکان و دۆزینەوەی تەرمەکان لەشوێنە پێچ و پەناکان و تاوانی کوشتنی هاوسەرو زارۆ و خۆکوشتن، بووەتە هەواڵگەلێك کە بەردەوام هەواڵە بەپەلەکانی نێو میدیای کوردی رۆژانە نومایانیان دەکەن. ئەم پرسە لەساڵانی رابردوودا لە ئاستێکی لەم شێوەیەدا نەبووە، نیگەرانیی پرسێکی لەم جۆرە لە ئاستێکدایە کە ترس لە بەدیاردەبوونیدا دەخوێندرێتەوە.» گوتیشی: «بە باوەڕی ئێمە زەمینەی ئەم نەزمی کوشتنەو کێرڤی باڵای ئەم دیاردیە دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێك کە پێویستە لەپێشچاو بگیرێن:

یەکەم: لاوازیی گوتاریی پەروەردەیی خێزان و نەبوونی هۆشیارییەکی پێویست کە ئەرزش بداتە گیانی مرۆڤ لەپێشەوەی هۆکارەکاندایە، نەوەی پاش راپەڕین نەوەیەکی پەرت و بڵاوی ئایدیۆلۆژییەو رێچکەیەکی پەروەردەیی بۆ تەبایی خێزان و ئەرزشی مرۆڤ و مافەکانی ئامادەیی نییە، میتۆدێکی تەندروست بۆ گۆشکردنی ئەم نەوەیە رۆڵی نەبووەو هۆشیاری لەبارەی ئاکامەکانی کوشتن و سزاو لێپێچینەوە لاوازە.

دووەم: میدیای کوردی و هەژموونی میدیای زەردی دەرەکی لە ئاستێکی ترسناکدایە، ئەدەبیات و کەلتوورە جیاوازەکان، وێنای کوشتن و برین و خیانەت بەتەواوی گوێی لاوانی کوردی ئاخنیوە لەبەردەم پرسی کوشتن و تاواندا چاونەترسی کردوون.

سێیەهەم: پرۆژەی وڵاتانی هەرێمی بەردەوام پرۆژەی لاوازکردنی گیانی پێکەوەیی و نەمانی تەناهی کوردستان بووەو لەم نێوەندەدا کارکردنێکی شاراوەو مەنگ لە گۆڕێدایە.

چوارەم: ناکارایی یاساو دادگاکان و بوونی چەندین تاوانبار کە لە دەرەوەی زینداندا بێباکن لە هەر لێپێچینەوەیەك، ئەوانی سروشتی تاوانیان هەیە، زیاتر دەستکراوەی کردوون.

پێنجەم: بوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەك دیاردەیەکی نوێ و ئامێرەکانی پەیوەندی دیسانەوە مەچەکێکی بەهێزی تاوان و دۆسیەکانی نێو دادگانە و لەم نێوەندەشدا هۆشیاری لەسەر بەکارهێنانیان ئێجگار لاوازە.

لەتیف حوسێن توێژەری کۆمەڵایەتییە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «درێژەکێشانی قەیرانی سیاسی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان و خەریکبوونی لایەنە سیاسییەکان بە ململانێ و ناکۆکییەکانیانەوە، هەروەها ئاوڕنەدانەوەیان لە گرفتە سەرەتایی و سەرەکییەکانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، وایکردووە قەیرانی کۆمەڵایەتی و هەڵکشانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەماوەکانی رابردوودا روو لە زیاد بوون بکەن و بەجۆرێکە بەداخەوە رۆژانە خەڵك دەبێتە قوربانیی کێشە کۆمەڵایەتییەکان کە سەرجەمی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانەش بەهۆی بوونی قەیرانی سیاسی و ئابووری سەریانهەڵداوە .» گوتیشی: «ئامارەکانی دەستەی مافی

**لە کۆمەڵگەی ئێمەشدا دیاردەی کوشتن هەیە و ئەو تاوانە گەورەیە پەیڕەو کراوە، جا چ قوربانییەکان پیاو بن، یان ئافرەت بن، تەنانەت هەندێ جار منداڵیش دەستی لێ نەپارێزراوە و گیانی لێ سەندراوە**

**رۆژانە لێرە و لەوێ گوێبیستی کێشە دەبین و زۆربەی جارەکان کێشەی قووڵتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت و دەبێتە هۆی خوێنڕشتن و دواتریش دوژمنداری و خوێنداری کە بنبڕکردنی ئەستەمە**

**راگەیاندنەکان سەرقاڵی پرسی سیاسیی وڵاتن و پرسە کۆمەڵایەتییەکانیان زیاتر وەلاوە ناوە، ئەو پرسانەش کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە بۆ گۆڕینی کیانی سیاسی وایکردووە پرسەکانی تاك پشتگوێ بخرێن**

**زۆرجار هەواڵی ئەوەمان پێدراوە کە ئافرەتێک لە ژێر هەڕەشەی کوشتندایە لە رێگەی مەفرەزەی تایبەتەوە ئافرەتەکە لە چنگی کەسوکاری رزگارکراوە و لە یەکێک لە ماڵەکانی ژنپارێزی گیانی پارێزراوە تاوەکو کێشەکەی چارەسەر کراوە**

مرۆڤ و دامودەزگاکانی دیکە کە تایبەتن بە تاوانەکانی کوشتن و خۆکوشتن و هەموو ئەوانەی دی، ئاماژەی مەترسیداریان تێدایە، بۆیە دەبێت لە ئێستادا هەموو بەدوای چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخەدا بگەڕێین، تا چیتر ئاسایشی کۆمەڵایەتیمان نەکەوێتە بەردەم مەترسیی زیاترەوە.»

ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «خراپیی ژیانی کۆمەڵایەتی و کەمبوونەوەی متمانەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان و دوورکەوتنەوە لەیەکتری، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ نەمانی زمانی دیالۆگ و پەویەندیکردنمان بە یەکتری و نەهێشتن و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانمان، هۆکاری نەبوونی متمانەی خەڵکی بەیاسا، ئەمەش هۆکارێکی ترە لەهۆکارەکانی پشت تاوانەکانی کوشتن بەجۆرێك رۆحی تۆڵەکردنەوەی خودی و پشتکردنە یاساو حکومەت خەریکە پەرە دەسێنێت.»

هاوڕاز شێخ ئەحمەد خۆشناو، راوێژکاری ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بۆکاروباری خوشکان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «لە روانگەی شەرعەوە کوشتنی بە ئەنقەست یەکێکە لەو خەتا و تاوانە گەورانەی کە خودای گەورە بکەرانی ئەم تاوانە، بە جەهەننەم سزا دەدات بۆ هەتا هەتایی، بکوژ بەر تووڕەیی و خەشمی خودا دەکەوێت و لە رەحمی خودا دەردەچێت و بەر لەعنەت و نەفرەتی خودا دەکەوێت، عەزابێکی گەورەی بۆ ئامادە دەکرێت، ئەمەش بەپێی فەرمایشتی رەبولعالەمینە کە فەرموویەتی(وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّـهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا). واتە: هەر کەسێك بەدەستی ئەنقەست ئیماندارێك بکوژێت (بەحەڵاڵی بزانێت)، ئەوە تۆڵەی ئەو کەسە دۆزەخە، نەمرە تیایدا، هەروەها خوا لێی تووڕە بووە و نەفرینی لێکردووە و سزایەکی گەورە و بێ سنووری بۆ ئامادە کردووە.» گوتیشی: «ئاییینی پیرۆزی ئیسلام کە دینی ژیان و ئاشتی و سەلامەتی و مەحەبەت و تەقوا و دادپەروەرییە، تاوان و خەتای کوشتن لە دوای تاوانی شرك دانانە بۆ خودای گەورە، شەریعەتی پاك و پیرۆزی ئیسلام توندە بۆ ئاراستەکردنی رەوشت و ئاکاری ئینسانی، مرۆڤ لە مەقامێکی بەرزدایە لە دینی خودا، رەبولعالەمین دەفەرموێت: (مَن قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا)، واتە ئەوەی کەسێك بەناحەق بکوژێت و لە جیاتی کوژراوێك نەبێت، یان گوناە و تاوانی گەورەی ئەنجام نەدابێت لەزەویدا (وەکو جەردەیی و دەستدرێژی و.. هتد)، ئەوە وەك ئەوە وایە هەر هەموو خەڵکی کوشتبێت، ئەوەش کەسێك لە مەرگ رزگار بکات، هەروەك ئەوە وایە هەموو خەڵکی لەمەرگ رزگار کردبێت و ژیانی پێ بەخشی بن، هەروەها سەروەرمان لە فەرمایشتێکی سەحیحدا دەفەرموێت: هەرکەسێ بەئەنقەست کەسێ بکوژێ، بۆنی بەهەشت ناکات، کە بۆنی بەهەشت هێندەی رێگای حەفتا ساڵان دەڕوات. ئەم فەرمایشتە سەحیحە و بوخاری ریوایەتی کردووە.»

هاوڕاز شێخ ئەحمەد خۆشناو بەشێك لەهۆکاری کوشتن و بەربڵاوبوونی لەم چەند خاڵەدا بەرجەستە دەکات: «دووركەوتنەوەی مرۆڤەکان لە حەقیقەتی دینی خودا، نەبوونی هەیبەتی یاسا و کارپێنەکردنی کە لە ئاستی پێویستدا نییە، هۆکارەکانی راگەیاندن، کە رۆڵی نەرێنییان بووە لەناو کۆمەڵگەو کۆمەڵگەیان شێواندووە، واتە ئەوەندەی هۆکاری پەرەپێدانی ئەم دیاردەیە بوون، هێندە هۆکاری دوورخستنەوەی خەڵك نەبوون لە حاڵەتی کوشتن، هەروەها هۆکارەکانی تەکنەلۆژیا، کە لەبەدواداچوونەکان دەردەکەوتووە، زۆرێك لە حاڵەتەکانی کێشەی کۆمەڵایەتی و کوشتنی کەسەکان دەچێتەئەم خانەیە، کە نەتواناراوە وەکو پێویست کەڵك لەو هۆکارە سەردەمییە وەربگیرێت و کەسەکان بەرامبەری هۆشیار بن.»

رائیدی پۆلیس هۆگر عەزیز، وەك گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەڵێت: «ئێمە وەك هەمیشە ئامارەکان لە کۆتایی ساڵ رادەگەیەنین، ئامانجیش لەوە بەراوردکردنی رێژەکانە لە ماوەی یەك ساڵ لەگەڵ ساڵی رابردوو، وێڕای گەڕان بەدوای هۆکار و فاکتەرەکانی تاوانەکان، لە کاتێکدا ئێمە لایەنی جێبەجێکارین و ئەو کێشانەی روودەدەن، دوور لە دەستی پۆلیس روودەدەن، زۆرجار هەواڵی ئەوەمان پێدراوە کە ئافرەتێك لە ژێر هەڕەشەی کوشتندایە لە رێگەی مەفرەزەی تایبەتەوە ئافرەتەکە لە چنگی کەسوکاری رزگارکراوە و لە یەکێك لە ماڵەکانی ژنپارێزی گیانی پارێزراوە تاوەکو کێشەکەی چارەسەر کراوە.»

لەوەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا کێشە هەنووکەییەکانی پشت کوشتن چین؟ ئەو گوتەبێژەی پۆلیس گوتی: «زۆربەی زۆری تاوانەکان لەشاری هەولێر و دەوروبەری هۆکارەکەی کێشەی کۆمەڵایەتییە، بەداخەوە ئەو کێشانەش روو لە زیادبوونە، پاڵنەری سەرەکیش تۆرە کۆمەڵایەتییەکانە کە بە شێوەیەکی نادروست بەکاردەهێنرێت و ئامرازێکە بۆ بەستنی پەیوەندی سۆزداری و تەنانەت پەیوەندیی ناشەرعیش، چونکە پەیوەندیی نێوان تاکەکان لە ئێستادا زۆر ئاسان بووە، تەنانەت لە رابردوودا هەموو کەس مۆبایلی نەبوو، سیم کارت بە ئاسانی دەست نەدەکەوت، کەچی ئێستا سیم کارت بە ئاسانی و بە نرخێکی زۆر هەرزان دەست دەکەوێت، جگە لەوەش پەیوەندیی ئینتەرنێتی کارئاسانی زۆری بۆ تاکەکان کردووە و تاك دەتوانێ لەگەڵ هەموو دنیا لە پەیوەندیدا بێت.» گوتیشی: «کوشتن لە هەردوو رەگەز زۆرە و کۆمەڵگە و عورف و عادات و خەمساردیی پەروەردەکاران پاڵنەری زۆربوونی تاوانەکانی کوشتنن.»

چالاکی کۆمەڵی مەدەنی سنوبەر سابیر، سەبارەت بەو پرسە سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کوشتن وەك دیاردەیەك هەمیشە رووی داوە، هۆکارەکانی کوشتنیش زۆرن و لەگەڵ قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی کوشتن و دەرئەنجامەکانی گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، رەنگە کۆنترین وێنەی کوشتن بەسەرهاتی قابیل و هابیل بێ، کە وەك تاوانێکی خوێناوی دێتەوە بەردیدمان، کوشتن لە کۆنەوە لە ژێر چەندین پاساو و چوارچێوە، چ لەسەر ئاستی تاك، یان کۆمەڵ ئەنجامدراوە، هۆکارەکانیش زۆرن دیارترینیان کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ئایینی



بووە، کە چەندین لاپەڕەی خوێناوی لەسەرتاسەری جیهان تۆمارکردووە، لە کۆمەڵگەی ئێمەشدا ئەم دیاردەی کوشتن هەیە و پەیڕەو کراوە، جا چ قوربانییەکان پیاو بن، یان ئافرەت بن، تەنانەت هەندێ جار منداڵیش دەستی لێ نەپارێزراوە و گیانی لێ سەندراوە.»
گوتیشی: «بەداخەوە رۆژانە لێرە و لەوێ گوێبیستی کێشە دەبین و زۆربەی جارەکان کێشەی قووڵتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت و دەبێتە هۆی خوێنڕشتن و دواتریش دوژمنداری و خوێنداری کە بنبڕکردنی ئەستەمە.»
سەبارەت بە چارەسەریش گوتی: «ئەگەر ئەم دیاردەیە بنبڕیش نەکرێ، دەتوانرێ کەم بکرێتەوە، ئەویش لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و یاسایی و مرۆیی».

لەلای خۆیەوە تاڤگە عومەر بەڕێوەبەری گشتی کاروباری کۆمەڵایەتی لە دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ، بەمجۆرە راو سەرنجی خۆی لە بارەی پەرەسەندنی تاوانی کوشتن دەربڕی: «بەپێی یاسای ژمارە ٤ ساڵی ٢٠١٠ دەستەی سەربەخۆیی مافەکانی مرۆڤ، ئەرکی پاراستنی مافەکانی مرۆڤی لە ئەستۆدایە، ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ئێستادا دەبینین بەداخەوە ڕێژەی تاوان لە هەڵکشاندایە، دیارە کۆمەڵێ هۆکاری هەیە سەرەکیترینیان لە ئێستادا کوردستان بە دۆخێکی ناسەقامگیردا دەڕوات، لە رووی سیاسییەوە کاریگەری خراپی لەسەر دەروونی تاك دروستکردووە، ئەوەش وایکردووە پەنا بۆ کوشتن ببەن، بەپێی ئەو ڕێژەیەی لای ئێمە تۆمارکراون، بەداخەوە ڕێژەی تاوان لە زیادبووندایە کە حاڵەتێکی مەترسیدارە، بەتایبەتی تاوانەکانی کوشتن و خۆکوشتن و سووتان و خۆسووتاندن و دزی و تاوانەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ، ئەگەر ئاماژە بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوانەکان لە هەرێمی کوردستان بکەین، یەکەم هۆکار ناسەقامگیریی سیاسی و سەربازییە کە لە رابردوودا لە کوردستان هەبوو، لە پاڵ ئەوەشدا بارودۆخی ئابووری و ئەو قەیرانە داراییەی کە لە هەرێم هاتەئاراوە، بووە هۆی کەمبوونەوەی داهاتی خێزان، ئەوەش فاکتەرێکی دیکەی زۆربوونی تاوانە (بەشێوە جۆراوجۆرەکانی، هۆکاری سێیەم، راگەیاندنە کە راگەیاندنەکان سەرقاڵی پرسی سیاسیی وڵاتن و پرسە کۆمەڵایەتییەکانیان زیاتر وەلاوە ناوە، ئەو پرسانەش کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە بۆ گۆڕینی کیانی سیاسی وایکردووە پرسەکانی تاك پشتگوێ بخرێن، پێویستە دەزگاکانی راگەیاندن هاوکات لەگەڵ وروژاندنی پرسە سیاسییەکان و ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی پێویستن لە کوردستان ئەنجام بدرێن، برەو بە پرسە کۆمەڵایەتییەکانیش بدەن، چونکە زۆربوونی تاوان و تێکچوونی شیرازەی خێزان و کۆمەڵگە زەنگێکی مەترسیدارە بۆ سەر ئێستا و ئایندەی هەرێمی کوردستان. ئەرکەکانی دەستە وەکو ئەرکی چاودێریکردن و هۆشیارکردنەوە و لە هەمان کاتدا پاراستنی مافەکانی مرۆڤ ئەوەیە بە بڵاوکردنەوەی ئامار و زانیارییەکانی فشار بخاتە سەر حکومەت و پێویستە رای گشتی و راگەیاندن و لایەنە پەیوەندیدارەکانی لێ ئاگادار بکرێتەوە، هەروەها یاسا باشتر سەروەر بێت، دادگاکان و دادوەرەکان باشتر رۆڵی خۆیان ببینن، لەم رووەوە دەستە هەوڵیداوە فشاری زیاتر لەسەر لایەنی پەیوەندیدار دروست بکات، بەتایبەتی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش بۆ ئەوەی رۆڵی خۆیان بە باشی ببینن، هەرچەندە کەمتەرخەمی نەبووە، بەڵام لێرە و لەوێ تاوان ئەنجام دەدرێ و هەندێك جار دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆریش تاوانبار دەستگیر ناکرێت. خاڵی دووەم ئەوەی کە تێبینی کراوە لەلایەن تیمەکانی چاودێریکردنی رەوشی مافی مرۆڤ و تیمەکانی دەستە، بەداخەوە تاوانەکان بە چەکی مۆڵەت پێدراوە ئەنجام دراون، هەوڵەکانمان لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم و لایەنەکانی دیکەش بۆ ئەوە بووە مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی چەك نەمێنێ و چەك تەنیا لای کارمەندان بێت و تەنیاش لەکاتی دەوامی فەرمی لایان بێت، چونکە زۆربەی تاوانەکان دوای دەوامی فەرمی کارمەندانی چەکدار لە ماڵەوە بەو چەکانە تاوانی جۆراوجۆر ئەنجام دراون. لەماوەی رابردوودا بەهاوکاری نووسینگەکانی مافی مرۆڤ لە سەرتاسەری کوردستان هەڵمەتێکمان ئەنجامدا بۆ نەهێشتن و داخستنی بازاڕەکانی فرۆشتنی چەك و فشار خستنە سەرحکومەت بۆ بەکارهێنانی چەك بەوەی کە تەنیا لەکاتی دەوامی فەرمی بێت، حاڵەتی بوونی چەکی بێ مۆڵەت قەدەغە بکرێت و بەکارهێنەرانی بە یاسا سزا بدرێن. بەپێی ئەو ئیمکانیاتە کەمەی کە هەمانە هەستاوین بە هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە لە مەترسییەکانی تاوان و ئەنجامدانی لەناو کۆمەڵگەدا، گرنگترین ئەرك بڵاوکردنەوەی راپۆرتەکانمانە کە بە راپۆرتی پێشێلکاری ناوی دەبەین و دەنێردرێن بۆ دەسەڵاتەکانی هەرێم و رای گشتی و سەرۆکایەتی داواکاری گشتی و راگەیاندنەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان، ئەوەش بە ئاگاهێنانەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکانە بۆ ئەوەی کار لەسەر راپۆرتەکانمان بکەن، بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژەی تاوانەکان لە هەرێمی کوردستان. هەروەها بەپێی ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ داواکاری گشتی لە دەزگای هەرێمی کوردستان هەمانە، بە وەرگرتنی سکاڵای هاووڵاتیان کە بەشێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەگاتە دەستمان، ئەوانەی عونسری جەزائی تێدابێت، ئاراستەی داواکاری گشتی دەکەین، ئەویش بە پشتبەستن بە راپۆرتەکانی دەستە و ناوەڕۆکی بابەتەکە هەوڵ دەدات داوا لەسەر سەندنەوەی مافی گشتی تۆمار بکات .

**هۆکاری نەبوونی متمانەی خەڵکی بەیاسا، ئەمەش هۆکارێکی ترە لەهۆکارەکانی پشت تاوانەکانی کوشتن بەجۆرێک ڕۆحی تۆڵەکردنەوەی خودی و پشتکردنە یاساو حکومەت خەریکە پەرە دەسێنێت**

**بوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک دیاردەیەکی نوێ و ئامێرەکانی پەیوەندی دیسانەوە مەچەکێکی بەهێزی تاوان و دۆسیەکانی نێو دادگانە و لەم نێوەندەشدا هۆشیاری لەسەر بەکارهێنانیان ئێجگار لاوازە**